## سوهام حەسەن:

# خۆشەویستیم بۆ گۆرانی و نواندن هەیە، بەڵام نـ



**لە سـالّی ١٩٨٣ بۆ یەکەم جار خاتوو سـوهام حەسەن وەك گۆرانیبێـژ دەرکەوت بە گۆرانی (کەمەرە شـل)، هەر بەو گۆرانییەشەوە ناسرا، دواتر رووی لە کاری نواندنیش کرد لە شانۆ و دراما و سینەما، ئەوەی سەیرە بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندان سـەرەتا حەزی لە کاری هونەری نەبووە،بگرە بە خەیاڵیشیدا نەدەهات رۆژێك لە رۆژان گۆرانی بڵێت یان لەسـەر شاشە وتەختەی شانۆ وەك ئەکتەر دەرکەوێت بەڵکو هەمـووی بە رێکەوت بووە کەچی تا ئێسـتاش بەردەوامە، ئێستاش فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ.**

دیمانە/ خەلیل بلەی

ئەو خانمە هونەرمەندە کە چەندین ساڵە لە کاری هونەریدا بەردەوامە، هێشـتا خۆی بە سـەرکەوتوو نازانێت ودەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە تا ئێستا بەردەوام بوومە لەکاری هونەری و بەردەوامیش دەبم، لەو ماوەیە دوور ودرێژەشـدا چەندین کاری جیاجیام لە هەردوو بواری گۆرانی و نواندن پێشـکەش کردووە، بەڵام سـەرەڕای ئەمەش من هێشتا خۆم بە سەرکەوتوو دانانێم و دەبێ جەماوەر حوکم لەسەر ئەوە بدات کە من چیم پێشـکەش کردووە، بەڵام هەسـت دەکەم رێز لەو چەند ساڵەی تەمەنی من نەنراوە کە لە پێناو هونەردا پێشکەشم کرد، ئەمەش بۆ من بە تەنیا وا نەبـووە دەتوانم بڵێم زۆربەی ئافرەتە هونەرمەندەکانی دیکەیش وەکو پێویسـت رێز لە هونەرەکەیان نەنراوە، چونکە پێویستە بایەخی زیاتر بە ئافرەت بدرێت لە بواری هونەری.

خاتوو سـوهام هـەر دەربارەی ئەو ئافرەتانەی لـە بواری هونەری ئەگەرچی لەنێو چینی رۆشـنبیراندا کار دەکەن، بەڵام وەك پێویسـت رێزیان لێناگیرێت، دەڵێ: نەك ئێسـتا یان بە تەنیا لە بواری هونەردا، بەڵکو هەر لە سەرەتای بوونیەوە ئافرەت زوڵمی لێکراوە، ئەو ئافرەتانەی لە هەولێر لە سەرەتادا هاتنە نێو بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەرەوە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پیاوانی رۆشـنبیری کۆمەڵـگای ئێمەش پابەندی کۆت و بەنـدە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەو پیاوسـالارییەی کە هەیانبووە ئێسـتاش هەر ماوە و لەنێو هونەریشدا هەیـە، ئەگەر ئەو پیاوانەی لە بواری هونەردا کار دەکەن خوشـك یان هاوسـەر یان کچ و کەسـە نزیکەکانی خۆی هان بدات بۆ ئەوەی روو لـە هونەر بکەن بۆ ئەوەی زیاتـر ئافرەت بێنە نێو بوارەکە، لێرەدا دەبێ ئەوە باس بکەین کە لە هەولێر تەنیا ئەو ئافرەتانەی ئێسـتا دەبینرێن لە گۆڕەپانەکەدا نین، بۆ نموونە ساڵانە لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان دەردەچن هەر هەموویان دەبنە مامۆستا.

لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان کچانی بەشـی موزیك زیاترلە بەشـەکانی دیکەی وەکو شـانۆدەرفەتی ئەوەیان لە پێشە بۆ ئـەوەی بەردەوام بن لە بوارەکەدا، گۆرانی بە تاکە کەسـی دەکرێت و پێوەندی کەسیی رۆڵی تێدا دەبینێت.

سـەبارەت بە حەز و ئاواتەکانی و ئەو بەربەسـتانەی هاتنە سـەر رێگای بە هۆی هونەرەوە، سـوهام حەسـەن دەڵێت: من لە منداڵییەوە زۆر حەزم لە کاری ئارایشـتی ئافرەتان بووە قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە ببـم بە هونەرمەنـد، هاتنی من بۆ نێو بـواری هونەری بە رێکەوت بووە، لەبەر ئەوە لەلایەن هاوسـەرەکەم و خێزانەکەمەوە پاڵپشـتییەکی زۆریان کردم و هانیاندام تا گەیشـتمە ئەو ئاسـتەی ئێستا هەمە، من سەرەتا لە تیپی هونەرە میللییەکانەوە دەستم بە گۆرانی گوتن کرد وەك کۆرس لە ئاهەنگێك کە لە شاری بەغدا ئەنجام درا و یەکەم گۆرانیشم (کەمەرە شل ) بوو، ئینجا رووم لە شانۆ کرد، یەکەم کاریشم لە نواندن شانۆگەری (مۆڵەت) بوو لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هونەرمەند تەحسین شـەعبان، ئیدی لە یەکەم کارەوە حەزی هونەر لای من درووسـت بوو تا ئێستاش ئەو حەزە هەر ماوەتەوە، ئەو هاندان و پاڵپشتییەی خێزانم و هاوسەرم بووە هۆی ئەوەی منیش کچەکەم هان بدەم کە بچێت لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بخوێنێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت سوهام حەسەن ئێستا زیاتر لە نواندنەوە نزیکە لـەوەی لە گۆرانی، وێڕای ئەمەش رەنگە هـۆکاری تایبەتی خۆی هەبێت، سوهام دەڵێت: هەر کارێکی هونەری ئەگەر بتەوێ بە جوانی و سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەیت ئاسان نییە، هەموو کارێك ماندوو بوون و شەونخونی خۆی دەوێت، بەڵام لە بواری گۆرانی ئەگەر بتەوێت کارێك

# ـــــازانم له کامیاندا زیاتر سەرکەوتووم



ئەنجام بدەیت، ئەوە بڕێکی زۆر پارەی دەوێت و دەبێ لەســەر ئەركی خۆت بیدەیت، کەچـــی لە نوانــدن بە پێچەوانەیە ئەکتەر هەر کارێك ئەنجــام بدات لە بەرامبەر کارەکەیدا پارەی خۆی وەردەگرێت بۆیە دەتوانم بڵێم لایەنی مادییە بووەتە هۆی ئەوەی کە من زیاتر روو لە نواندن بکەم، هەرچەندە خۆشەویســتیم بۆ هەردوو بواری گۆرانی و نواندن هەیە، بەڵام ناتوانم بڵێم لە کامیان زیاتر سەرکەوتووم ئەمەیان دەبێ جەماوەر بڕیاری لەســەر بدات و جەماوەر وەك سوهام حەسەن دەمناسێت، بێ ئەوەی بڵێن سوهامی ئەکتەر یان گۆرانیبێژ.

سەبارەت بەو ڕۆڵانەی کە سوهام زیاتر حەز دەکات بیانبینێت لە نواندندا، ئەو دەڵێت: بێگومان لە نواندندا ڕۆڵەکان ســاڵ بە ســاڵ بەگوێرەی تەمەن گۆڕانکاری بەســەردا دێت، بۆیە دەبینیـــن ئەو ڕۆڵانەی کە بەر لە چەند ســاڵ بە من دەسپێردران جیاواز بوون لەگەڵ ئەوانەی من ئێستا دەیانبینم، بۆیە من ئێســتا زیاتــر حەز لە بینینی ڕۆڵەکانـــی دایك دەکەم ئەمەش بۆ من جێگای فەخر و شـــانازییە، چونکە من خۆم دایکی دوو منداڵم، بەڵام هەرڕۆڵێك بە من بســـپێردرێت دەیبینم، بۆیە هەندێك ڕۆڵ هەیە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد دەرهێنەرەکە بە منی بســـپێرێت کەچی بە کەســـانی دیکە دراوە، بە هەمان شێوە زۆر ڕۆڵ هەبووە کە حەزم نەکردووە بە من بسپێردرێن کەچی بە من ســـپێردراون و توانیومە تێیدا سەرکەوم، بەڵام ئەو کارەی کە زۆر حەزم دەکرد تێیدا بەشدار بم و ڕۆڵم هەبێت درامای (بێ سەرپەرشتان) بوو کە توانیم بەشداری تێدا بکەم، من خۆم زیاترحەز لە دراما دەکەم وەك لە ســـینەما و شـــانۆ، چونکە لە شانۆدا راستەوخۆ رووبـــەرووی جەماوەردەبیتەوە و دەبێ هەمووی لەبەر بکەیت و بچووکترین هەڵە لەسەرت حیسابە و بە کارەکەوە دیار دەبێت، کاری سینەماش هەر زۆر قورســـترە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە من لە ڕووبە ڕوو بوونەوەی جەماوەر بترسم.

هەر ســـەبارەت بە ترسی هونەرمەند لە کارەکەیدا، سوهام حەسەن دەڵێ: من لە نواندن بە هیچ شێوەیەك ناترسم، بەڵام ترسی گەورەم لە ستۆدیۆدایە کاتێك گۆرانییەك تۆمار دەکەم، بەجۆرێك وا هەســـت دەکەم ئەو مایکەی لە پێش من وەك ئەژدیهایەکە و زۆر لێی دەترسم هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە گۆرانی دەڵێم، من خۆیشم نازانم هۆکاری ئەو ترسە چییە.

لە کۆتاییدا خاتوو ســـوهام حەســـەن بە گلەییەوە گوتی: (فەرهاد ئیســـماعیل)ی هاوسەرم شـــەهیدی گوڵان بووە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا گۆڤاری گوڵان کەمتەرخەم بووە بەرامبەری، تەنانەت بۆ یەك جاریش لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە باسی نەکراوە.

**(فەرهاد ئیسماعیل)ی هاوسەرم شەهیدی گوڵان بوو، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا گۆڤاری گوڵان کەمتەرخەم بووە بەرامبەری**

# هۆکاری سەرکەوتنی ئۆباما

کچە ئەکتەری ئەمریکایی (کاتی بیری) رایگەیاند دووبارە سەرکەوتنی باراك ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ ئەو جلوبەرگە تایبەتییانەی خۆی دەگەڕێتەوە کە چەند رۆژێك لە هەڵبژاردنەکان پێشکەشی کردبوون.

بیری هەروەها ئاشکرای کرد کاتێك لە لەندەن بوو ژمارەیەك شۆرتی لە کۆمپانیایەکی بەریتانی کڕی کە هەموویان وێنەی ئۆبامایان لەسەر بوو و نرخەکەیان دەگەیشتە ٢٠٠ جونەیهی ئیسترلینی و بە خۆشحاڵییەوە دوو رۆژ بەر لە ئەنجامدانی پڕۆسەی هەڵبژاردن لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پێشکەشی ئۆبامای کرد.

شایەنی باسە بیری یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لایەنگرێکی سەرسەختی ئۆباما بوو و لە کاتی هەڵمەتەکاندا تیشێرتێکی لەبەر کردبوو کە وێنەی ئۆبامای لەسەر بوو و هانی جەماوەری خۆی دەدا دەنگی پێ بدەن.



# هایدی کلۆم کەوتە داوی خۆشەویستی پاسەوانەکەی



کچە مۆدێلی ئەڵمانی هایدی کلۆم بە ئاشکرا دانی بەوە نا کە ئێستا پێوەندی خۆشەویستی هەیە لەگەڵ مارتن کریستنی کە بۆدی گاردی خۆیەتی و هەر خۆیشی هەستی خۆی بۆ مارتن دەبڕیوە.

کلۆمی تەمەن ٣٩ساڵ بۆ گۆڤاری (بۆنتە)ی ئەڵمانی وتی: بەڵێ من ئێستا لە حاڵەتێکی خۆشەویستیدا دەژیم، من متمانەیەکی زۆرم بە مارتن هەیە ئەو ماوەی ٤ ساڵ زیاترە بە هەموو شێوەیەك یارمەتیم دەدات و زۆر بە باشی گرنگی بە منداڵەکانم دەدات، یاریان لەگەڵ دەکات و دەیانپارێزێت ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وام لێدەکات زیاتر خۆشم بوێت و پێوەی پەیوەست بم.

سەبارەت بە ئاشکرا کردنی پێوەندییەکەش کلۆم وتی:مارتن خۆی ناشارێتەوە، بەڵام لەو جۆرە کەسانە نییە کە حەز بکات بەردەوام باسی بکرێت و تیشکی بخرێتە سەر، چونکە زۆر حەز دەکات لە دواوە بوەستێت نەك لە پێشەوە، سەبارەت بە رەخنەکانیش من دەتوانم مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە رەخنە لە ژیانی تایبەتی من دەگرن، چونکە مرۆڤ پێویستە ئەو کارە ئەنجام بدات کە بزانێت لە کۆتاییدا دەبێتە مایەی خۆشی و شادی لەسەر ئاستی کەسی بۆیە من لە ژیانمدا تا ئێستا بەم شێوەیە ژیاوم و هەر لەسەر ئەو شێوەیەش بەردەوام دەبم .

# ئەمەل حیجازی لەسەر نەشتەگەریی جوانکاری بەردەوامە

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەمەل حیجازی ئاشکرای کرد کە هەندێك کەرەستەی جوانکاری هەیە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت لێیان دوورکەوێتەوە و بەردەوام لە جانتاکەیدا بوونیان هەیە وەك سوراو و ماسکارا و چەند کرێمێکی دیکە.

ئەمەل پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری و گوتی: لووتم زۆر بێزارم دەکات، چونکە پێموایە جوان نییە، من زۆر پەشیمانم لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری و بە هیچ شێوەیەك لەو نەشتەرگەرییە رازی نیم کە بۆ لووتم ئەنجامداوە، بەڵام سەرەڕای پەشیمانیشی ئەمەل رایگەیاند دوور نییە جارێکی دیکە نەشتەرگەری ئەنجام بداتەوە، ئەویش لە بوارێکی تایبەتدا، ئەمەل روونی کردەوە کە لەوانەیە لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا نەشتەرگەری ئەنجام بدات بۆ لابردنی ئەو لۆچانەی کە لەوانەیە لەسەر دەموچاوی پەیدا ببن، چونکە پێیوایە پێویستە ئافرەت پارێزگاری لە جوانی خۆی بکات.



# لۆڤاتۆ: تەلەفزیۆن هەندێک جار نەگبەتییە

دیمی لۆڤاتۆ کە بە ئەستێرەیەکی رۆح سوك و خۆشەویستی جەماوەر ناسراوە لە لێدوانێکی سەیردا وتی: تەلەفزیۆن هەندێك جار نیعمەتە و هەندێك جاریش دەبێتە مایەی نەگبەتی بۆ هونەرمەندان.

لۆڤاتۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا وتی: تەجروبەی تایبەتی خۆم زۆر یارمەتی دام بۆ ئەوەی ناوبانگی خۆم بەکار بهێنم بۆ قەڵاچۆکردنی چەندین گرفتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی نەبوونی ئارەزووی خواردن و چەند نەخۆشییەکی دیکەی دەروونی، لۆڤاتۆ کە ئەندام بوو لە لیژنەی دادوەری بەرنامەی (ئێکس فاکتۆر) وتی دەرکەوتنی زۆر لە تەلەفزیۆن دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەندین قسەوقسەلۆکی جیاجیا دەربارەی هونەرمەند بگوترێت بەتایبەتی لە هەندێك رۆژنامە کە تەنیا کار بۆ باس کردنی هونەرمەندان دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ناوبانگە بووەتە هۆی ئەوەی کە وشیار بم دەربارەی زۆر شتی نوێ کە پێشتر زانیاریم لەسەری نەبوو یان کەم بوون هەروەها چەندین کەس پێوەندیم پێوە دەکەن یان دێنە لام و پێم دەڵێن کەوا من زۆر یارمەتیم داون بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان، چونکە زۆر بە ئاشکرا گرفتەکانی خۆم باس کردووە ئەمەش بووە هۆی ئاشنایەتییان دەربارەی باری تەندروستی خۆیان هەبێت.





## مەیسەم نەحاس: کاری هونەری لە ئێستادا زۆر سەختە

بارودۆخی سیاسیی ئێستای وڵاتانی عەرەبی کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر هونەرمەندان و کاری هونەر کردووە لەو وڵاتانەدا، لەم بارەیەوە خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی مەیسەم نەحاس پێیوایە بارودۆخی شەڕ و ئاڵۆزیی سیاسی تا رادەیەکی زۆر کاری لەسەر بەردەوام بوونی هونەرمەند هەیە.

مەیسەم دەڵێت: جاران ئێمە زۆر بە ئاسانی لە وڵاتانی عەرەبی خەریکی گێڕانی ئاهەنگی جۆراوجۆر بووین، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا نائارامی هەیە ئەگەر ناسەقامگیریی سەربازیش نەبێت ئەوا لەرووی سیاسییەوە ناسەقامگیرن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین کاری خۆمان بکەین یان ژیانمان پارێزراو بێت، چونکە لە کاتی ئاڵۆزی و شەڕدا کەس ناتوانێت ژیان و سەلامەتیی کەس مسۆگەر بکات، یاخود لە زۆر وڵاتان رێگری هەیە لە ئەنجامدانی کاری هونەری ئەمەش دیسان کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر بەردەوام بوون لە هونەر.

دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆیشی مەیسەم دەڵێت: من هونەرمەند و دایك و هاوسەرم کەواتە ئەرکێکی زۆرم لەسەر شانە، سەرەڕای ئەمەش رۆژانە کاتی خۆم دابەش کردووە بەشێکم بۆ وەرزش تەرخان کردووە، هەروەها منداڵ و هاوسەرەکەشم پشتگوێ نەخستووە و لە کاری هونەریشدا بەردەوامم، بەردەوام ئاگاداری کار و هەواڵە هونەرییەکانیشم ئەمە جگە لەوەی لە خوێندنەوەش دانەبڕاوم، بەردەوام کتێبی دەروونناسی و رۆحی و ئایینی دەخوێنمەوە، چونکە ئەم جۆرە کتێبانە وا لە مرۆڤ دەکەن خۆی بناسێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات.



## زاگرۆس جەبار:

# ئەو ئافرەتەم پێ جوانە کە هەست بە سەنگینی خۆی بکات

**دوای دوو ساڵ کار کردن تێیدا، بەم دواییە زاگرۆس جەبار یەکەم بەرهەمی گۆرانییەکانی خۆی بڵاو کردەوە، زاگرۆس لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە و ساڵی ٢٠٠٩ لە رێگای نواندنەوە چووەتە نێو دنیای هونەر و هەمیشە ویستوویەتی لە کارەکانیدا کەلتوور و هونەری کوردی زاڵ بێت و پێی بناسرێتەوە، جگە لە گۆرانی گوتن، بێژەر و ئەکتەریشە، ئێستا لە ئەوروپا نیشتەجێیە، سەبارەت بە هۆکارەکانی دواکەوتن وچۆنییەتی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەمی خۆی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ساز کرد.**

***لە بواری بێژەری بە چ بێژەرێك سەرسام بوویت لەسەر ئاستی جیهانی و بۆچی؟**

-لەسەر ئاستی جیهانی ئۆپیرا وینفری زۆر پێی سەرسامم نموونەی ئافرەتی بە تواناکانی جیهانە و توانی ئەوە پیشان بدات کە ئافرەتێکی بە توانا و خاوەن هەستەو چەندین گۆڕانکاری بە سوودی بە دەست هێنا و دەستی چەندین ئافرەتی دیکەی گرت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

*** ئەی لە بواری گۆرانی گوتندا؟**

- چەندین هونەرمەندی گەورە کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبووە و سوودی زۆرم لێیان وەرگرتووە.

*** ماوەی دوو ساڵ بوو سەرقاڵی گۆرانییەکە بوویت، بۆچی ئەوەندە دواکەوت؟**

- بەهۆی ئەوەی چەند جارێك کلیپەکەم گۆڕی، سەرەتا کلیپم کرد بە دڵم نەبوو، چونکە بینیم جلوبەرگ و جووڵەی رۆژئاوایی زۆر زاڵە بەسەر بەرهەمەکەوە منیش بەهۆی ئەوەی کە بە لامەوە گرنگە لە بەرهەمەکە زیاتر سەرنج بخەمە سەر کەلتوور و هونەری کوردی بۆیە ناچار بووم کلیپەکەم گۆڕی و هەوڵمدا جلوبەرگی کوردی بپۆشم، هەروەها دووبارە لە ستۆدیۆیەکی دیکە بە هاوکاری هونەرمەند گۆران کامل تۆمارم کردەوە.

*** بۆچی تەنیا گۆرانییەکیت بە سیدی بڵاوکردەوە؟**

- بۆیە یەکەم گۆرانیم بە سینگڵ بڵاو کردەوە چونکە تەنیا یەك گۆرانییە کە ئەم جارە کارم لەسەر کردووە. لەگەڵ دروستکردنی ئەم بەرهەمە زۆر ئەزموونی زیاترم وەرگرت و شارەزایی زیاترم پەیدا کردووە و لە هەوڵی ئەوەدام کاری باشتر بەرهەم بهێنم.

*** لە کاری هونەریدا زیاتر پشت بە چی دەبەستیت؟**

- خۆشەویستی، توانا، بەهرە و زیرەکی.

*** ئەی شێوە و رووخسار بۆ تۆ چەند گرنگن؟**

-بێگومان رووخسار گرنگە، بەڵام گرنگیش نییە ئەگەر هونەرمەند نەزانێت بەشێوەیەکی راست و دروست بۆ سەرکەوتنی لە کارەکانیدا سوودی لێ وەربگرێت،ئەوا بە ئاسانی تێدەکەوێت، لەبەر ئەوە من زۆر گرنگی بە رووخسار نادەم.

***جوانترین ئافرەت کێیە لای تۆ؟**

- ئەو ئافرەتەم پێ جوانە کە هەست بە گەورەیی و پەسندی خۆی بکات لە کۆمەڵگادا وەك ئافرەت کە خوای گەورە بەو هەموو جوانی و پاکییەوە دروستی کردووە.

*** کاری داهاتووت چی دەبێت؟**

- هەم لە بواری گۆرانی گوتن و نواندن و بێژەریدا دەرفەتم بۆ هاتووەتە پێش و لە داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێ لە کام بواردا بەردەوام دەبم.



# ویلما ئیلیس سەرنجڕاكێشترین ئافرەتی توركیا



كچە ئەكتەری توركیایی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی ویلما ئیلیس كە بە (كارۆلین)ی خۆشەویستی كاپتن عەلی ناسراوە، بە سەرنجڕاكێشترین ئافرەتی توركیا هەڵبژێردرا.

لەو ڕاپرسییەدا كە كەناڵی فەرمی توركیا ئەنجامیدا دە كچە ئەكتەری توركی بەشدار بوون بۆ بەدەستهێنانی نازناوی سەرنجڕاكێشترین ئافرەت لەرووی دراما و مێینەیی لە ڕوانگەی پیاوانی توركیاوە، ئەنجامەكان چاوەڕوان نەكراو بوون و مایەی شۆك بوو بۆ ملیۆنەها كەس، چونكە (ویلما ئیلیس)ی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانییە و پاڵەوانی زنجیرەی (علی مر الزمان) و خۆشەویستی كاپتن عەلییە كە ٤١٪ ی دەنگەكانی بە دەستهێنا بەمەش توانیی بەسەر گەورەترین ئەستێرەكانی توركیا سەركەوێت، بە پلەی دووەمیش جانسۆ دیری هات كە ڕۆڵی (عائیشە)ی بینی لە زنجیرەی «ئیزیل» ٣٥٪ی دەنگەكانی بەدەستهێنا. لە پلەی سێیەمیش بیرین سات هات بە ڕۆڵی (سەمەر) لە زنجیرەی (العشق الممنوع) ٢٣٪ی دەنگەكانی بەدەستهێنا، مەریەم ئۆزۆرلی كە ڕۆڵی (سولتانە هویام)ی بینی لە زنجیرەی (حریم السلطان - هاوسەری سوڵتان) بە ٢١٪ پلەی چوارەمی بەدەستهێنا، پلەی پێنجەمیش بەر دینیز جاكیر كەوت كە ڕۆڵی (فتون)ی بینی لە زنجیرەی (الاوراق المتساقطة-گەڵاوەریوەكان) ڕێژەی ١٣٪ی دەنگی بەشداربووان.

# لە هەولێر فیستیڤاڵی كورتە فیلمی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

بریار وایە ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە سێیەم فیستیڤاڵی كورتە فیلمی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە هەولێر بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرئەنجام بدرێت كە ماوەی ٤ ڕۆژ دەخایەنێت.

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاند لە خولی سێیەمی فیستیڤاڵی توندوتیژی دژ بە مێینە ٢٤ فیلم بەشداره بۆ پێشبڕكێ و فیلمەكان لە لایەن لیژنەیەكی بڕایی دادوەران هەڵبژێردراون كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان ئازاد ئەرگوشی، شاخەوان ئیدریس، ئەمیر تەها، هەر لە فیستیڤاڵەكەدا ٤ فیلمی درێژ نمایش دەكرێن، بەڵام لە دەرەوەی پێشبڕكێن و هەر لە ڕۆژی یەكەمدا فیستیڤاڵەكە بە فیلمی (شیرین) دەست پێدەكات كە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێرە لە دەرهێنانی حەسەن عەلی و نواندنی شوان عەتوف وبەیان عوسمانە.

سەرچاوەكە ئەوەشی خستە ڕوو كە هەموو فیلمە بەشداربووەكان گوزارشت لە مەسەلەی توندوتیژی دەكەن دژ بە مێینە و جگە لە كوردستان چەند فیلمێكی دیكە بەشدارن لەوانە فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و هەندێك لە فیلمە بەشداربووەكان لە فیستیڤاڵە جیهانییەكاندا بەشدار بوون لەوانە فیلمی (بێدەنگی) كە لە فیستیڤاڵی (كان) بەشدار بووە، هەروەها بۆ ئەم ساڵ بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر پێنج فیلمی بەرهەمهێناوە كە دەرهێنەرەكانیان پێنج ئافرەت بوون ئەوانیش (هەنار فەرهاد، هەوار شەریف، ئەحلام، سۆلاف شەیدا، ڕوپاك عەبدولقادر)ن.

لەكۆتاییدا سەرچاوەكە ئەوەشی ئاشكرا كرد كە ڕۆژانە دوای نمایش كردنی فیلمەكان گفتوگۆ لەسەر فیلمەكان دەكرێت.

